# چاو

چاوم بەرایی نادا

کە چاوەکانت گل بکا

پڕ فرمێسک دەبێ چاوم

هاتو چاوەکانت ژان بکا

هیوا داربوم کە:

چاوت بە چاویلکەوە نەبینم

ئێستا کە دکتۆری چاویش بێ هیوایە

چاویلکە تەنیا چارەسەری چاوی تۆیە

ئێرەیی دەبەم بە چاویلکە کە

چاو و برژانگتی داپۆشیووە

ئەوندە هەڵکشاوە، برۆشتی داگرتووە

سەیرە ! ئەوندەش داکشاوە

کوڵمیشتی تاراپۆش کردووە.

ئاوات و هیوام بێ بەشی نەکردوم

گوڵاڵەی دوو لێوت،

جوانی نیگامی ئاوێتەی

خۆشەویستی تۆ کردووە

ڕەحمان سۆفی

ئاپریل 2012